# هەمیشە روو لە خودا
# هەمیشە مەست !!

قوبادی جەلی زادە

– 1 -

لە سەعات شەشی ئێوارەوە ، – بە کاتی سلێمانی –

سنەوبەرەکانی سەرچنار سەرخۆشن !

ئەوان لقیان لە رووباری شەرابدایە .

رەگیان لە کەشکەلانی عیشق .

لە سترانی ئەواندا ، چڵێک نیە ، گەڵاکانیی :

سێ کوچکەی حەرام بێت !

ئەوان لە ئەزەلەوە زەردەشتین .

وەک ئاگر ،

بەرووتی لە دایک دەبن

بە رووتی سەما دەکەن

بەرووتی پیر دەبن

بە رووتیش دەمرن !

سوورە چنارەکانی سەرچنار ، سەر مەستن ..

مەزەی ئەوان ،

دەشتێک زەردەخەنە

ئاسمانێک شێتی

رووبارێک ئەڤین !

مەزەی ئێمەش ،

قاپێک جاجیک و

بەلەمێک نۆک و

سەبەتەیەک رق !

نێوقەدی هەر درەختێک راتەکێنیت ،

پووشینەیەک ، شاتووی ماچ خڕ دەکەیتەوە .

کراسەکەی رۆحت ، خڵتانی رەنگ دەبێت ،

رەنگی مۆر

رەنگی سۆر

رەنگی عیشق !

لە سعات شەشی ئێوارەوە - بە کاتی خۆشەویستی -

کالیبتۆسەکانی سەر چنار ، ژن دەنۆشن .

ئێمە هێشتا ،

شووشەی عەرەق و شووشەی نەوتمان ،

لێک جیا نەکردۆتەوە ،

ئەوان دەستیان گەشتۆتە ، ژنە گەردن شووشەکان .

ئێمە هێشتا ،

پێکە سپیەکانمان زین نەکردووە بۆ سەفەر ،

ئەوان سەریان لەسەر رانی ، خاتوزینێکی خەوندا ، ئاسوودە .

« شەراب ،

ئەی شاباڵی هەتاو

ئەی گوللە بەند »

توخوا درەختە خۆشەویستەکانی خودا ، هەتیومان مەکەن .

لە ژێر گەڵا هەتیوەکانی خۆتاندا ، حەشارمان دەن .

لقمان دەخەینە ناو دەستی پەلێکتانەوەو رەدووتان دەکەوین !

بە بازگە نا شەرعیەکانتان بڵێن ،

ئەو پیاوە دڵبرینانە ئەولادی شەرعی ئێمەن .

لە سعات شەشی بەرەبەیاندا — بەکاتی بەهەشت —

ئەوان بە پۆلێ چڵە گەڵاو پۆپی سەرخۆشەوە ،

بەسەر پردێکی ئاگردا

بەسەر پردێکی لەزەتدا ، دەپەڕنەوە .

پردێک ،

لووسترین لە لووس

باریکترین لە موو

تیژترین لە مووس !

-2 -

**پیاو** ،

ئەی مەحکووم بە مەمک ، مەمکی دایک .

ئەی مەحکووم بە مەمک ، مەمکی یار .

ئەی مەحکووم بە مەمک ، مەکی فیراق..

، ئەی دڕندە ترین لێو

ئەی تەنیاترین مەخلوق :

خودایە ...

عەبدێکی زەلیلم

بیٌ ئەنواو دەلیلم

عومرێکە لە جەنگڵستانی مەمکدا ، ریٌ هەڵەم .

تۆ هاوریٌ و کەسم بە

تۆ فریاد رەسم بە .

مەهێلە ئیدی ،

پڵینگە سەر شێتەکانی مەمک ،

پەنجە ئیماندارەکانم ، بقرتێنن .

مەهێڵە ، هێشوە پشکۆکانی مەمک ،

برژێنە کاسە بەفرینەکانی چاومەوە .

خودایە ،

ژەهرێکی خەست ببارێنە ،

تا هەرچی برین و درزێکی لەشی ژنە، پێک بگرێتەوە !

تا هەرچی لق و پۆپێکی مەمکۆڵەو گەردنە ن هەڵوەرێ !

خودایە ،

هەڵمگرە بۆ دوورگەیەک ،

لەو دیوی بوون

لەو سەری گەردوون

دوورگەیەک ،

پڕاوپڕ لە چەقەڵ

پڕاوپڕ لە گورگ

پڕاوپڕ لە مەیموون !

**ژن**

ئەی مەحکووم بە شمشێر ، شمشێری باوک

ئەی مەحکووم بە شمشێر ، شمشێری مێرد

ئەی مەحکووم بە شمشێر ، شمشێری تەڵاق . .

**ژن** ،

ئەی توونێڵی هەنگوین

ئەی بێ دەسەڵاتترین گوڵ :

تۆ لەساڵی عیشق و

لە مانگی شەراب و

لە رۆژی ماچا ، لە دایک بووی .

منیش لە ساڵی رشانەوە و

لە مانگی فیتنەو

لە رۆژی شمشێردا .

(( اهدنا الصراط المستقيم ))